## رادیۆی مەشخەڵان لەسۆران کرایەوە.

هەولێر/ هاوری رواندزی.

بۆ بەرزو پیرۆز راگرتنی یادی 109 ساڵەی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی، ئێوارەی رۆژی 2007/4/22 بەئامادەبوونی هەڤالان شاخەوان شێر کاوەیی لێپرسراوی مەڵبەندی سۆران و هەڵۆ حەسەن و مەلا تۆفیق جێگرانی لێپرسراوی مەڵبەندو کارگێرو ئەندامانی مەڵبەندو توانا ئەحمەد لێپرسراوی لقی هەولێری مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (ی ن ک) و ژمارەیەك لەنوسەران و روناکبیرانی ناوچەی سۆران، رادیۆی دەنگی مەشخەڵان لەلایەن هونەرمەندی ناسراوی کوردستان مامۆستا زرار مستەفا کرایەوە، رادیۆی دەنگی مەشخەڵان کەسەر بەمەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (ی ن ك) ە و درێژە پێدەری رادیۆی دەنگی سۆرانە لەرواندز. رادیۆی دەنگە مەشخەڵان مینبەری یەکسانی و ئاشتی و تەبایی و برایەتی یە لەناوچەی سۆران کەزۆرترین خزمەتی گەیاندووە بەخەباتی نەتەوەکەمان بەدرێژایی شۆرشەکانی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.